# بیرهێنانەوەیەکی خێرا
# لە یادی ئەو شەهیدانەی کە کەم کەس ناویان دەهێنی

**ئاسۆ حامدی**
**نۆڤەمبەری 2005**

بو ئەودایکانەی کە تا مردن لە چاوەروانی هەوال و سەروشوینی نەوەکانیان بوون و هەوالیکیان نەبیست، چاوەکانیان هەر بە فرمیسک و هەناسەکانیان پر هەنیسک مایەوە، بو ئەو خوشەویستانەی کە لەپەڕی ئازارو ئەشکەنجەدا تەنها یەک ووشەشیان نەدرکاند جەللادەکان دلیان لە خۆراگری ئەواندا دەلەرزی، بۆ ئەو خوشک و برایانەی کە هەردەم لە کۆمەکی هاوکاری دابوون بە هەموو شتێ و لە دوا هەناسەدا تەنانەت تەرمییشان نەدیتەوەو مالئاوای یەکجاری بکەن، بۆ ئەو باوکانەی لەسەر گۆڕی نەوەکانیان بەلینی بەردەوامی ئیعترازیان دەکردەوە، ئەمانە و سەدان دیمەنی تر..لە وولاتی ترس و مخابەرات و شەر و کاولی لە عیراقی میزۆپۆتامیای دەولەمەند بە هەموو شتێ، کۆمەلگا بەتەواوی قوربانی دەورانێکی سیاسی دیاریکراوی شوفینزم و ناسیونالیزم بوو..هەر یەکێ بە جۆرێ..ئەوان بە شەهید بوون و یەکیکی تر بە کەم ئەندام بوون هتد..
لە کوردستان بە جۆرێ کاتەکان وا خیرا و ئالوگۆر بووە تەنانەت کەس نیە قوربانی نەدابی..هەر یەکێ بە شێوەیێ..بەلام قوربانی شەهیدان، ئەنفالکراوان، کەمئەندام بوون..ئازارو ئەشکەنجەی زیندان... هتد هتد لە هەمووی زۆرتر بوون، لەم ناوچەیەدا شەڕ و کوشتار تا دەورانێکی تریش بەردەوامی دەبێ..
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا **چونکە خەلکی ڕۆژهەلاتی ناوەند بە حوکمی ئایین و کەلتووریان زۆر کورت بینن و زوو ڕابردوو لە بیر دەکەن، تەنانەت هەموو رەزالەتیەکان، ناخۆشیەکان ، قوربانیان هەموو لەبیردەکرێن.ئیستا پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی لە جاشەکانی دوێنی دەترسن چونکە مەسولیانن...** لیرەدا لەیادی کۆمەلە مرۆڤێ کە شۆرشگیرو دلیر بوون، لە پیناوی ئازادی و رزگاریدا گیان کردە قوربانی حەز دەکەم جەند ووشەیەکیان بۆ بنوسم.

دەورانیکی تاڵی مەسەلەی ناسینونالیزمی کورد لە کوردستانی عیراقدا، مفاوەزاتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە گەڵ رژیمی شوفینزمی عەرەبی بوو، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە سەردەمی زێرینی خۆی دوا نۆشی مابوو، ئالای شۆرش و بیری عیراقچیەتی باڵی بەسەر چەپی کوردستان دا کێشابوو.
کەرتەکانی رێکخستنی شەقلاوە و رەواندوز لە نێو یەکێتی نیشتمانیدا زۆر بە ئاشکرا ئەوکات دیفاعیان لە رەنجدەرانی کوردستان و عیراقی بوون دەکرد.
لە هەولیرو دەشتەکەی دا کۆمەڵە دوو باڵی هەبوو، وەکو هەر ناوچەیەکی تر.
کۆمەلە کەسانێکی شاری هەولێر کە هەموویان میژوویەکیان لەگەڵ ئەدەبیاتی مارکسیستی و بنەمای چینی مام ناوەندی و کریکاریان هەبوو، ئەم خۆشەویستانە دڵیان لەگەل ئازادی کریکارانی کوردستان لییدەدا، بە کورتی رێبازی مارکسیستی و رزگاری چینی چەوساوە لەم دەورانەدا لە پلەی هەرە سەرەوەی دابوو.
ئەم خۆشەویستانە دڵیان لەگەڵ ئارەزووەکانی مۆدیرنبوون و ئازادی و فەرهەنگی نوێ لییدەدا.
زۆر دلێرانە دیفاعیان لە داخوازی خەلکی هەژار دەکرد، قینیان لە زۆرداران و چەوسێنەران بوو، لە زۆربەی کاتە ناسکەکانی شەرو پیکدادانداا وەکو هەموو پێشمەرگەکانی تر بوون بۆ فیداکاری، لە کەرتی رێکخستندا چالاک و دلێربوون تەنانەت بۆ خودی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئالای شۆرش یش.
لە 18 ی نۆڤێمبەری 1983 کۆمەلێ لە کادیرانی کەرتی رێکخستنی شەقلاوە لە دوای بەستنی پلینوم دا بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنفراسی سێ کۆمەڵەی رەنجدەران دەگەڕانەوە، لە ریگا مینێ لە ژیر ئوتۆمبیلەکەیان تەقییوە، شەهیدان مەلا غەفوور، مامۆستا شەوقی، ئاشتی و

حاجی ئەکرەم شەهید بوون. زۆر پێشمەرگەو کادیرانی تریش بریندار بوون لەمانە حاجی مەمۆ ( ئیستا ئەویش لە سوید هەواری بۆ سلیمانی گواستەوە ) و چەندانی تریش.
ئیستاش رۆشەن نیە بۆ و چۆن ئەم مینە لە ژێر ئەم ئوتۆمبیلە تەقیەوە، نە یەکێتی و نە مەلا بەختیار کە یەکەم پۆلی شەهیدانی ئالای شۆرش بوون ئیستا فززە لە دەمیان نابیێ یادی حاجی ئەکرەم و هاورێیانی بکەن، ئەو حاجی ئەکرەمەی کە جگە لە قوربانییەکانی سەرچاوەی ماددی یەکێتی لە رۆژێ دەولەمەند کرد بە پارەی دائیرەی کشتوکاڵی حکومەتی بەعس، کە لە مێژووی ئیعترازی خەلکی کوردستان نموونەی دەست پاکی کەمە، ئاواش پاداشیان دایەوە.
ئەوکات مامۆستا شەوقی و ئاشتی چوون بۆ خەبات هەموو شتیکیان هەبوو، تەنها ئازادی نەبێ، حاجی ئەکرەم یش نموونەی رۆلەی لە خۆبردوو بوو، مەلا غەفووریش مەسئولیەتی کەرتی رێکخستن و دلسۆزی بۆ جوتیاران و هەژارانی ناوچەی خۆشناوەتی لە هەموو کەسێ دیارتر و لەبەر چاوتر بوو.
لە چلەی ماتەمی ئەم خۆشەویستانە لە بالیسان وێنەکانی رابەرانی سۆسیالیزم مارکس و ئەنگلز و لینین لە شوینی یادەکەدا بەراستی خۆشیەک و ئایندەیەکی گەشی لی چاوەروان دەکرا، ووتارەکان هەموویان بەردەوامی ریبازی ئەم شەهیدانەی لێدەهات، تەنانەت تاهیر خەلیلی ئەوکات سروودی خۆشی بۆ گوتن. خانەوادەی هەمووان ئامادەبوون، مندالەکانیان رەنگی زەردی بێ باوکیان لە مێژ بوو پێوە دیاربوو..
بزوتنەوەی رزگاری خەلکی کوردستان بە دەیان و سەدان قوربانی لەم جۆرەی داوە و دەدا، بەلام ئیستا کەسانێ یاری بە چارەنووسی ئەم گەلە دەکەن.
مەلا بەختیار تەنها دلسۆزی بۆ ئەمانە سەردانی مالەکانیان بوو کە لەکاتی لە کۆمەلەی سەوز دا لە گەڵ زەحمەتکێشاندا.
ئەگەر ئەم ووشانە بنوسی بۆ کەسانێ کە وا لەسەر سفرەو قوربانیەکانی بەهەزاران مرۆڤی ئازاو دلێر لە زیندانەکانی بەعس بوون بە قوربانی پیمان دەلێن بابە ئەوە باسی چی دەکەی، ئەگەر ئەم خۆشەویستانە چاویکیان لە سالار عەزیز و مەلا بەختیار وعماد ئەحمەد شکلەکانی تر دەبێ ، من نازانم چیان پێدەلێن. بەلام ئیوە دەزانن خوینەرانی خۆشەیست نەک هەر لەنێو یەکێتی و پارتی دا بگرە لە نێو سۆسیالیست و زەحمەتکیشان دا هەمان بەزمە.
خۆ باسی شەهیدانی حزبی شوعی عیراقی و نەبەردەکانیان لە زیندان دا هەر وا بوون بە رابردوو، بە دەردی کەسێکی سەرکردایەتیان ( فەردە گەنمیکیان لە کەر بەر کردبوو ، پێشمەرگەیەکیان گوتبووی هاورێ کونە ووتی باژۆ حزب دەزانی) لە هەموو شتێ هەر حزب دەزانی، بەلام لە مەسەلەی شەهیدان و دڵسۆزانی مارکسیزم ئەوا حزب بەدوای مەسلەحەتی کۆمەلە کەسانێ لە سەرکردایەتیەوەیە.
هیچ حزبێ بەقەدەر حزبی شوعی عیراقی قوربانی نەداوە، بەلام با نەوەی شەهیدان خۆیان بلێن کە جەندە یادو دڵنەواییان دەکرێتەوە.
لە نیو چەپدا هاورێ نەجات دەروێش سەرقافلەی شەهیدان و قوربانی زیندان، شەهیدی شوراکانیش واحدە سوورو رزگارو برایەکانی شەهید ڕاستگۆ  شەهید ئەرسەلان هەموویان قوربانی ئازادی و سۆسیالیزم بوون، ئەوا بەداخەوە هەر یادی ئەمانیش لە لیستی لە بیرچوانن و بەردەوام یادیان ناکریتەوە، شەهید ئارامی سمێل کە ئامر مەفرەزەیەکی کۆن کە لە دەسەلاتی پارتی شەهیدی کرد و بەدەیانی تر... بەدەیان و سەدان لە خەلکی گوندەکان لە سەنگەری بەرگریدا شەهید بوون، ئەم سەربازە وونانە لە دڵی سۆسیالیستەکان دا هەر دەمێنن. پەیامی مەلا غەفوور و مامۆستا شەوقی و ئاشتی و حاجی ئەکرەم لە گەڵ شەپۆلی رەنجدەرانی کوردستاندا هەردەم لە گەشەدایە. رابەرانی سۆسیالیزم کاتی خۆی گوتیان **سۆسیالیزم لە سەر شانی کۆیلەدارەکان دەدەمەزرینین.**